## کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر:[1]

ناوی تەواوی: «مەلا عەبدوڵڵا، کوڕی مەلا موستەفا، کوڕی مەلا ساڵح، کوڕی حاجی فەقێ عەلی، کوڕی سۆفی ڕەحمان»ە، لە هۆزی «بابان»و لە نەوەی «سلێمان پاشا»ی کوڕی «عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان»ە[2]، وەک «شاعیر» خۆی ئەیفەرموو: بیستوومە لە باپیری خۆم کە ئەیفەرموو: ئێمە بە «نۆ پشت» ئەگەینەوە سەر «عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان». بەڵام یەکێک لە باپیرانیان لەبەر دروستبوونی چەندین کێشەی ناوخۆیی بنەماڵەکەیان ناچار بە یەکجاری شاری «سلێمانی» بەجێ‌هێشتووە و چۆتە «ناوچەی لاجان» لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و پاش ئەوە ئیتر جارێکی تر نەگەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.

شاعیر لە ساڵی «١٩٣٢ ز» لە دێی «گەڵوان»ی سەر بە شاری «نەغەدە» لە «ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لە بنەماڵەیەکی ئاینیی چاوی بە دنیا هەڵێناوە کە بە هەمان شێوە باوک و باپیریشی هەر مەلا بوون و، باوکی لە خزمەت

---

[1] پوختەی ناوەڕۆکی ئەم ژیاننامەیەی شاعیرم لە خۆی وەرگرتووە. ئامادەکار

[2] ئەم زاتە کوڕی «مەحموود پاشای کوڕی خالید پاشایە»و ئەچێتەوە سەر «فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە»و یەکێکە لە ناودارترین و بەهێزترینی میرەکانی «میرنشینی بابان» کە توانی لە ماوەی «٢٤ ساڵ»ی حوکمڕانیی پچڕپچڕی خۆیدا «١٧٨٩ - ١٨١٣» خزمەتی بەرچاو بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و گەل و وڵاتەکەی بگەیەنێ، لەناو حەرەمی مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانیدا نێژراوە. بنواڕە بۆ کتێبی: «سلێمانی؛ شارە گەشاوەکەم»: جەمال بابان. ئامادەکار

«مەلا محەممەدی جەلیزادە»و، باپیریشی لە خزمەت «مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە»دا لە شاری «کۆیە» خوێندوویانە و بڕوانامەی زانستییان وەرگرتووە.

شاعیر لەپاش ماوەی گەشەکردن و لە تەمەنی «شەش حەوت»ساڵییدا لە خزمەت باپیری خۆیدا «قورئانی پیرۆز»و «گوڵستانی سەعدیی»و کتێبە سەرەتاییەکانی فەقێیەتیی خوێندووە.

دوای ئەوە وەک داب و نەریتی خوێندنی ئەو سەردەمەی کوردەواریی، باوکی ئەینێرێتە «حوجرەی فەقێ»و ماوەیەکیش بەم شێوەیە درێژە بە خوێندن ئەدات، هەر بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر، زۆرێک لە شار و دێهاتەکانی کوردستانی «ڕۆژهەڵات»و «باشوور» گەڕاوە و لە هەر جێگایەک بۆی ڕەخسابێ بەگوێرەی پێویست ماوەتەوە و سوودی وەرگرتووە، بۆ نموونە: چۆتە دێی «گردەسوور»ی «لاجان»و لەخزمەت زانای پایەبەرز و بەناوبانگ «مامۆستا مەلا سەید حەسەنی - إبنُ الواژي»دا خوێندوویەتی.

پاشانیش چۆتە دێی «زینوە»ی سەر بە شارۆچکەی «ڕەواندز»و ماوەیەک لەخزمەت مامۆستا «مەلا نەسروڵڵا»دا ماوەتەوە و لە مانگی «١٠/١٩٥١ ز»دا لە خزمەتیدا دەستی کردووە بە خوێندنی کتێبی «شرحُ العقائد- ی نەسەفی» وەک بە خەتی خۆی لە بەرگی یەکێک لە کتێبەکانیدا نووسیویەتی: شروع و دەسپێکردنم بە خوێندنی کتێبی «شەرحە عەقائیدی نەسەفی» لە ڕۆژی چوارشەممە ١٣٣٠/٨/٨ شەمسی؛ بەرامبەر بە موحەڕڕەمی ساڵی «١٣٧١ ی کۆچی» لە گوندی «زینوەی شێخ» لە خزمەت مامۆستا «مەلا نەسروڵڵای هەوشاریی» خوای خاوەن کەرەم جەزای بداتەوە و لە هەموو لایەکمان خۆشبێ «ئامین».

پاشان لە سەرەتای ساڵی «١٩٥٤»دا ئەچێتە «پێنجوێن»و لە «مزگەوتی پاشا» لە خزمەت زانای پایەبەرز «مامۆستا مەلا عارفی پێنجوێنی»دا درێژە بە خوێندن ئەدات و ماوەی «ساڵێک و چوار مانگ» لە خزمەت ئەویشدا ئەمێنێتەوە و لەو ماوەیەدا بەشی «مَعان» لە کتێبی «مُطوَّل» لە زانستی بەلاغەدا و هەروەها کتێبی «گلنبوی بُرهان» لە زانستی مەنطیقدا تەواو ئەکات، بێجگە لە «سَماع»کردنی هەندێک کتێبی تر.

پاشان هەر لە پێنجوێنەوە ئەچێتە دێی «بالک»ی شاری «مەریوان»ی ئێران و لە خزمەت زانای بەناوبانگ «مامۆستا مەلا باقری بالک»دا ماوەی «ساڵێک و شەش مانگ» ئەمێنێتەوە، هەر لەبەرئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا شارەزایی و باڵادەستیی «مامۆستا»ی لە هەموو بوارەکانی زانستدا بۆ دەرئەکەوێ، بۆیە بڕیار ئەدات ئەم شوێنە بکاتە دوا مەنزڵگای خوێندن و بەدەستهێنانی «بڕوانامەی زانستیی»، بۆیە لەخزمەتیدا هەریەک لە کتێبی «جمع الجوامع» لە زانستی «أصول الفقه»دا و هەروەها بەشی «خُلع»ی کتێبی «تُحفه»و «فرائض- ی شێخی قزلْجیی» لە زانستی «فقه»دا و پاشان کتێبی «الدُّرر الجلالیَّة»ی[1] لە خزمەتدا ئەخوێنێت، لەگەڵ «سماع»کردنی کتێبی

---

[1] پەرتووکێکی گرنگ و نایابە لە زانستی «عقیده»دا، کە دانراوی «مامۆستا مەلا باقر» خۆیەتی و بۆ یەکێک لە قوتابییەکانی خۆی داناوە کە مامۆستا مەلا «سەید جەلالەددینی حسێنی»یە و هەربەناوی ئەویشەوە ناوی ناوە، پاشان هەر خۆی شەرحێکی کردووە و ناوی ناوە «الألطاف الإلهیَّة شرح الدُّرر الجلالیَّة» کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە و لە ساڵی «١٩٩٥ ز»دا لەسەر ئەرکی حەزرەتی «شێخ محەممەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندیی» لە «ئەستەمبووڵ» چاپ کراوە. ئامادەکار

«تهذیب» لە زانستی «کلام»دا.

دوای ماوەیەکیش هەر لە خزمەت «مامۆستا مەلا باقر»و هەندێک لە قوتابییەکانی بە مەبەستی زیارەت ئەچنە «بیارە» بۆ خزمەت «حەزرەتی شێخ محەممەد عوسمان سیراجەددینی دووەم»و لە «١٣/ جمادی الأولیٰ ١٣٧٦ ک» بەرامبەر بە «١٦ / ١٢ / ١٩٥٦ ز» لە خزمەتیدا «تمسُّک» ئەکات و ڕێبازی پیرۆزی «تەریقەتی نەقشبەندیی» ئەگرێتە بەر.

پاشان لە سەرەتای ساڵی «١٩٥٧ ز»دا «بڕوانامەی زانستیی» لە خزمەت «مامۆستا مەلا باقر»دا وەرئەگرێت.

هەر لەسەر فەرمانی «حەزرەتی شێخ» ﵀ ئەبێتە پێشنوێژ و وتارخوێن و وانەبێژ و سەرخەتمی خانەقای «بیارە»و هەروەها کاتبی تایبەتیی «حەزرەتی شێخ» ﵀[1]، بەو شێوەیەش «سێ ساڵ» لە «بیارە» ئەمێنێتەوە و، هەر لەم ماوەیەدا لە «بیارە» لە خزمەت مامۆستا و زانای شارەزای قورئان: «حاجی ئاننە محەممەد قارئ»ی تورکمان صەحرایی و، پاشانیش لە «بەغداد» لە خزمەت زانای بەناوبانگ: «شێخ عەبدولقادری خەطیبی ئەعظەمییە»

---

[1] هۆکاری ناسین و ئاشنابوونی شاعیر بە مورشیدەکەی، پێویستی بە درێژەپێدانێک هەیە کە ڕەنگە لێرەدا نووسینی زەحمەت بێ، چونکە شاعیر خۆی پەرتووکێکی تایبەتی لەسەر سەرگوزەشتە و «کەرامات»ی مورشیدەکەی داناوە و، بەشێکیشی لە ژیانی خۆی تێدا باس کردووە، کە ناوی «بریسکەی یاقووت»ەو، بۆ جاری یەکەم لە ساڵی «٢٠٠٨ ز»و بۆ جاری دووەم لە ساڵی «٢٠١٧ ز»دا چاپ و بڵاومان کردۆتەوە، لەلایەن بەڕێز: «مامۆستا کامیلی کامیلی»یشەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی «فارسی»و، بەندەش دەستم کردووە بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی «عەرەبی». ئامادەکار

ئیجازەی قیرائەتی «حَفْص»و «شُعبە» وەرئەگری.

لە سەردەمی شۆڕشی «عەبدولکەریم قاسم»دا لە کۆتایی ساڵی «١٩٥٩ ز» لەبەر بارودۆخی ناهەمواری ئەوکاتە، لەخزمەت حەزرەتی شێخدا و بە یاوەری کۆمەڵێک لە موریدان و زانایان «عێراق» بەجێ ئەهێڵن و بەرەو «ئێران» کۆچ ئەکەن، بۆیە «حەزرەتی شێخ» ﷺ لە «دووڕووت» مزگەوت و مەدرەسە و خانەقا دروست ئەکات و بۆ ماوەی نزیکەی «بیست ساڵێک» لێرە ئەمێننەوە.

شاعیر لە ساڵی «١٩٦٩ ز»دا ژیانی خێزانیی پێک ئەهێنێت.

هەر لە خزمەت مورشیدەکەیدا و بە یاوەری کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان و موریدان دووجار سەفەری پیرۆزی حەج ئەکات.

پاشان لەبەر گۆڕانکاریی بارودۆخ، لە ساڵی «١٩٧٩ ز»دا ئەگەڕێنەوە بۆ عێراق، وە لە ساڵی «١٩٨١ ز»دا بە «پێشنوێژی دووەم»ی مزگەوتی «شێخ بابە عەلی» لە گەڕەکی «سەرچیمەن - گۆیژەی کۆن» لە شاری سلێمانی دائەمەزرێت.

لە ڕێبازی تەریقەت و تەسەووفیشدا هەرچەندە شاعیر پێشتر پەیوەندیی ڕۆحیی و مەعنەویی لە خزمەت مەرحوومی حەزرەتی «شێخی بورهان»دا[1] هەبووە و محەبیەتی ئەوی لە دڵدا بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم زاتە لە حالی حەیاتدا نەبووە و، شاعیر ئەیزانی کە پەیوەندیی نێوان «مورید»و «مورشید»

---

[1] ئەم زاتە گەورە و پایەبەرزە ناوی: «یوسف»و لەقەبی «شەمسوددین»و خەڵکی دێی «بورهان»و لە هۆزی «ئیلیاس» بووە، لە ساڵی «١٣٣٢ ک»دا کۆچی دوایی کردووە و مەرقەدی پیرۆزیشی هەر لە دێی «بورهان»ە. بڕوانە بۆ: یادی مەردان: ٢ / ٥٠٣ - ٥٠٤، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس. ئامادەکار

لە ڕێبازی تەریقەتدا بۆ پەروەردەکردن و گەیاندنی «مورید» بە پلە و پایەی مەعنەویی و تەسەووف بەسراوە بە حاڵی حەیاتی مورشیدەوە و ئەبێ لە ژیاندا بێ، بۆیە هەردەم هەوڵیداوە و ئاواتی ئەوە بووە کە بگات بە خزمەت مورشیدێکی زیندووی ڕاستەقینە، سوپاس بۆ خوا لە هاتوچوونی ڕۆژگاردا بە مەرامی سەرەکیی دڵی خۆی ئەگات و قەدەری خوا وا ئەبێ کە ئاشنا بێ بە مورشیدێکی لێهاتوو و شارەزا لە کاروباری مەعنەویی و پەروەردەکردنی «مورید»و ئاشنا کردنی بە خواناسیی ڕاستەقینە، کە حەزرەتی «شێخ محەممەد عوسمان سیراجەددینی کوڕی حەزرەتی شێخ عەلائەددین»ی بیارەیە ﷺ، بۆیە لێرەوە دەرگای خۆشبەختیی لێ ئەکرێتەوە و مورشیدەکەی ئەبێتە چاوساغ و ڕێنیشاندەری و هەستی دەربڕینی وشەی جوان و ڕازاوەی ئەبزوێنێ و بە خەزێنەیەکی شاراوە و بەنرخ ئاشنای ئەکات.

شاعیر ماوەی «٤٢ ساڵ»ی تەمەنی لە خزمەت مورشیدەکەیدا بەسەر بردووە و هەردەم وەک پەپوولەی دەوری چرا لێی جیا نەبۆتەوە، تا وەفاتی مورشیدەکەی لە بەرواری «١٩٩٧/١/٣١ ز»، کە بەم بۆنەیەشەوە چەند پارچە شیعرێکی نووسیوە. هەر بە شایەتیی مورشیدەکەی و زۆرێک لە گەورە پیاوانی نەقشبەندیی، شاعیر لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی تەمەنی لەخزمەت مورشیدەکەیدا ئاشنا بووە بە زۆرێک لە گەنجینەی بەهاداری مەعنەویی و گەیشتووە بە دوا پلە و پایەی «عیرفان»و «تەسەووف».

هەر لە تەمەنی لاوێتیشەوە خولیای شیعر و هۆنراوە بووە و لە سەردەمی پێش ئاشنابوونی بە مورشیدەکەی، توانیویەتی بەقەدەر «دیوانێک» شیعر و هۆنراوەی جوان و هەمەجۆر بهۆنێتەوە و کۆیان بکاتەوە، لەم سەرەتایەشدا

نازناوی «غەریق» بۆخۆی دیاری ئەکا، پاشان لەبەرئەوەی بۆی دەرئەکەوێ کە ئەم نازناوە هی شاعیرێکی ترە، بۆیە لە شیعری خۆیدا ئەیسڕێتەوە، بەڵام پاش بەخزمەتگەیشتنی مورشیدەکەی و ئاشنابوونی پێی، لەبەر دروستبوونی هەوێنی عەشقی ڕاستەقینە لە دەروونیدا، بڕیار ئەدات کە ئەگەرچی ئەم هۆنراوانەی لە ئاستێکی بەرزیشدا بن، بەڵام هەر ئەبێ بیانخاتە دەریای فەرامۆشییەوە و لاپەڕەیەکی نوێی گەشاوە و پرشنگدارتر لە سۆزی دەروونیی و «عەشقی حەقیقیی»و هەست و نەستی ئەدەبیی هەڵبداتەوە، بۆیە لێرەوە نازناوی «فەنایی» بۆ خۆی هەڵئەبژێرێت.

لە بواری شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی و فارسییدا دەستێکی باڵای هەبووە و ئەم بەرهەمەشی گەواهیی ئەم ڕاستییەیە و وەک پێناسەیەکی دیار وایە بۆ کەسایەتی و ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریی شاعیر ، هەروەها هەندێکیش شارەزایی لە زمانی تورکیی هەبووە.

جگە لە «وەزیفەی ئایینیی» هیچ وەزیفەیەکی تری ڕەسمیی نەبینیوە و بەشداریی لە هیچ کاروبارێکی ڕامیارییدا نەکردووە، لە هەمان کاتیشدا و لە هەموو ماوەی ژیانیدا خولیای ڕێبازی کوردایەتیی پاک و ڕاستەقینە بووە و هەردەم خەمخۆری کێشە و گرفتی نەتەوەکەی بووە و ، یەکێک لە ئاواتەکانی ژیانی ئەوە بووە بە چاوی خۆی ببینێ ڕۆژێک لە ڕۆژان گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی تر لە ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی دوژمنانی ڕزگاری بێت و بە مافی ڕەوای خۆی بگا، کە ئەمەش بە ئاشکرا لە زۆرێک لە نووسین و شیعرەکانیدا دەرئەکەوێت.

ئەگەر بمانەوێ لە لایەنی سیفات و ڕەوشتی بەرز و دڵسۆزیی و گەورەیی ئەم

زانەوە بدوێن، بێگومان پێویستمان بە دەرفەتێکی زیاتر و فراوانتر ئەبێت، بۆیە بە باشی ئەزانین ئەم لایەنە بەجێ بێڵین بۆ دۆست و برادەرانی شاعیر و ئەوان ئەم ئەرکە بخەنە سەر شانی خۆیان و قورساییەکیش لەسەر شانی ئێمە کەم بکەنەوە.

مەرحوومی مامۆستای «فەنایی» لەپاش تەمەنێکی پیرۆز و پڕ لە خزمەت بە هۆی تووشبوونی بە «جەڵتەی دڵ»و تەنگە نەفەسیی لە ساڵی «١٩٩٤ز» ماوەی نزیکەی «دە ساڵێک» ژیانی بە ئێش و ئازار و ناڕەحەتییەوە بەسەر ئەبرد، هەر بەو هۆیەشەوە لە ساڵی «١٩٩٥ ز» سەفەری «ئەستەمبوول»ی کرد و لەوێ دوو جار نەشتەرگەریی «قەستەرەی دڵ»ی بۆ ئەنجام درا، دوای ئەوە تا ڕادەیەک باری تەندروستیی باش بوو، بەڵام لە ساڵی «٢٠٠٤ ز»دا بە هۆی زیاتر چوونە ناو تەمەنەوە نەخۆشییەکەی زیاتر کاریگەریی لەسەر دروست کرد، بۆیە بە مەبەستی چارەسەریی لە بەرواری «٧ / ١٠ / ٢٠٠٤ ز»دا سەفەری وڵاتی «لوبنان»ی کرد و داخڵی «خەستەخانەی ئەمریکی» لە شاری «بەیرووت» کرا و دوای مانەوەی چەند ڕۆژێک تیایدا و چارەسەری سەرەتایی پێویست تا ڕادەیەک نەخۆشییەکەی لەسەر سووک ئەبێت و حاڵی بەرەو باشیی ئەچێ، هەر بۆیە دوای دڵنیابوون لە باشیی باری تەندروستیی لە بەرواری «١٤ / ١٠ / ٢٠٠٤ ز»دا نەشتەرگەریی دڵی بۆ ئەنجام ئەدرێت و تیایدا سەرکەوتوو ئەبێت، بەڵام سەرەڕای چارەسەریی زانیریی ئەواویش قەدەری خوای گەورە وا ئەبێ لێرەدا تەمەن و ژیانی دنیای کۆتایی پێ بێنێت و بگات بە لیقای پەروەردگار و، لە سەعات «١٢/٣٠»ی پاش نیوەڕۆ»ی ڕۆژی «١٩ / ١٠ / ٢٠٠٤ ز»دا بە هۆی ڕاوەستانی دڵ و سییەکانی، گیانی پیرۆزی

بە خوا ئەسپێرێت و وەفات ئەکات، پاشان بە هەوڵ و کۆششی بێ‌وچان و یارمەتیی موریدانی نەقشبەندیی لە وڵاتی «لوبنان»و «سووریا»و کوردستان لە مەراسیمێکی شایستەدا جەنازەی پیرۆزیان هێنایەوە بۆ کوردستان و ڕۆژی جومعە «٢٢ / ١٠ / ٢٠٠٤ ز» لە مزگەوتەکەی خۆی «مزگەوتی بوخارا» کە ساڵێک پێش وەفاتی خۆی دروستی کرد لە «هەولێر» بە خاک سپێردرا.

خوای پەروەردگار بە بەهەشتی فراوانی خۆی شاد کردبێت و، ئەم بەرهەمە و سەرجەم بەرهەمەکانی تری بکاتە توێشووی ڕۆژی قیامەتی و، لە تاوان و کەموکوڕیی ئێمەش ببووریٚ.

بە ئومێدی ئەوەی ئێمەش توانیبێتمان بەم کارە خزمەتێکمان بە گەنجینەی «کتێبخانەی ئەدەب و هونەری کوردیی» کردبێت و بەردێکمان خستبێتە سەر بەردێک و کەلێنێکمان پڕکردبێتەوە.

عابد عبد الله مصطفیٰ

هەولێر

١ / شعبان ١٤٤٤ ک

٢١ / ٢ / ٢٠٢٣ ز

❖❖❖